Middle East Research Institute

www.meri-k.org

سەرنجی سیاسی

2 سێپتێمبەری 2018 – بەرگی 4، ژمارە 24

*زوبێر ڕەسول

# کوردو سوننە، هاوپەیمانێتییێکی پێویست لە ئێستادا

*دۆخی کورد لە ئێستای عیراقدا گەیشتۆتە ئاستێک کە کورد وەك پێکهاتەیێکی ئیتنی و نەتەوەیی چیتر ناتوانێت بە تەنیا هیچ پرۆژەییکی گەورەو ستراتیجی بەسەر دەوڵەتی عیراقدا بسەپێنیت ئەگەر بە هاوکاری یەکێك لە دوو پێکهاتە سەرەکیەکەی تری ناو دەوڵەتی عیراق نەبێت، کە سوننەو شیعەن.*

بە پشتبەستن بە ئەزموونە سیاسی و سەربازیەکانی کورد، نەك تەنیا لە باشوری کوردستان بەڵکو لە پارچەکانی تریش، دەتوانین بگەین بە دەرەنجامێك کە کورد ئەستەمە بە تەنیا لە چوارچێوەی پرۆژەیێکی نەتەوەییدا بتوانێت ڕووبەڕووی هاوکێشە هەرێمیو نێودەوڵەتیەکان بێتەوە، بە تایبەت ڕووبەڕووی ئەو چوارچێوە دەستوری و سیاسیەی یاسای نێودەوڵەتی کە لەسەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەیی (Westphalian model of statehood) داڕێژراوە لە ناوچەکەدا. چونکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تا ئێستاش زیاتر پاڵپشتی لە بیرۆکەی سەقامگیری سیاسی (Political Stability) دەکات تا دەگاتە مافە ئیتنیو ئاینیەکان یان دروستکردنی دەوڵەتی تازە لە ناوچەکەدا. بە تایبەت دوای هێرشە تیرۆرستیەکانی ١١ سێپتەمبەر، بوونی دەوڵەتی لاواز و شکستخواردوو هەمیشە وەک سەرئێشە بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی دەبینرێت. چونکە لە ڕاستیدا هیچ گەرەنتییێکی بەهێز نیە دڵنیایی بدات بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە لەدایکبوونی دەوڵەتێکی کوردی لەو ژینگە هەرێمیە ناسەقامگیرە  کێشەی زیاتر بەدوای خۆیدا ناهێنێت، بەتایبەتیش بۆ هێزە باڵاکانی وەک ئەمریکا و ئەوروپا. ئەوەی دۆخی کوردی لەوەش ئاڵۆزتر کردووە ئەو لینکە نەتەوەییە کە کورد لە هەرچوار دەوڵەتی ئێران و تورکیا و عیراق و سوریا بەیەك دەبەستێتەوە، تا ئاستێک زۆرجار وەك یەک پرسی نەتەوەیی سەیر دەکرێت، بە جۆرێک کە گۆڕانی دۆخی سیاسی لە هەریەکەیان کاریگەری بەسەر ئەوی تریان دادەبێت. ئەم تێگەیشتنە لە هاوپەیمانێتی و هەماهەنگی سیاسی هەمیشە بەشێك بووە لە پەیوەندیە هەرێمیەکانی نێوان ئەو چوار وڵاتە و زۆرجار لەپشت ئەجێندا نێودەوڵەتیەکانیش ئامادەیی بە هێزی هەبووە، بۆ نموونە لە پەیماننامەی جەزائیر ساڵی ١٩٧٥، دواجاریش لە کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە سێپتەمبەری  ٢٠١٧.  ئەم فاکتەرە بەردەوام کاریگەری هەبووە بەسەر سیاسەتی وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتیش تورکیاو ئێران .

*توێژەر لە ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری)

یەکێک لەو تیۆرە سیاسیانەی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لەو دۆخە بریتیە لە تیۆری ئاسایشی هەرێمی ئاڵۆز (Regional Security Complex) ، بە جۆریک کە دۆخی کورد لە هەر بەشێك لەو وڵاتانەدا وەك کێشەیێکی ئاسایشی نەتەوەی سەیر دەکرێت بۆ سەر پێکهاتەی سیستمی دەوڵەتی نەتەوەیی. ئەم هۆکارە بەزۆری وایکردووە کە کورد نەتوانێت بە تەنیا و لە چوارچێوەی پرۆژەیێکی نەتەوەیی ململانێی بەدەستهێنانی مافەکانی بکات لە ناوچەکەدا. ئەوەی لە 2003 ش روویدا بەمەبەستی رووخانی رژێمی بەعس، راستە کە کورد بەشێک بوو لەو پرۆسەیە، بەڵام مەبەستی سەرەکی لە رووخانی رژێم بەعس هەڵوەشاندنەوەی ئەو چوارچێوە کلاسیکیەی دەوڵەتی عیراق نەبوو، بەڵکو سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی دەسەڵاتی سیاسی بوو لە چوارچێوەی هەمان دەوڵەت. ئەم دۆخە بۆ کوردانی رۆژاڤاش هەر دروستە، ئەوان بەراورد بە گروپە ئۆپۆزسیۆنیەکانی تر بەهێزترین و سێکیولارترین و رێکخراوترین گروپی ئوپۆزسیۆن بوون لە سوریا، کەچی پاش قوربانی و خەباتێکی زۆر، بەشی ئەوەیان پێ رەوا نەبینراوە کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی فیدرالیشدا هەبن، هەرچەندە پەیەدە و دواتریش هێزەکانی سوریای دیموکرات زۆر هەوڵیاندا کە ئەو تێگەیشتنە ناسیونالیستیە بشکێن کە بەرامبەر بە پرسی کورد هەیە و دواتریش لە قالبێکی تازەی ئایدۆلۆژی پۆست نەتەوەییەوە بێنە ناو ململانێ سیاسیەکان، کە خۆی لە پرۆژەی خۆسەری دیمۆکراسی (Democratic Autonomy) دەبینیەوە. چونکە ئەوان لە لایەک بەئاگابوون کە پرسی کورد وەک کێشەیێکی نەتەوەیی بواری ململانێکردنی لە سوریادا سنووردارە، لە لاییکی تریش سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتیش پشتگیری لەو جۆرە بۆچوونە ناکەن. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا بە مەبەست هەر بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ کرد و خستیە خانەی نەتەوەگەریی و جوداخوازی، دواتریش بەستنەوەی بە فاکتەری ئاسایشی تورکیا کە خۆی لە کێشەی پارتی کرێکاراندا دەبینیەوە.

پرۆسەی مامەڵەکردنی وڵاتانی هەرێمی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش لە هەمبەر پرسی ریفراندۆم دەکرێ هەر لەو چوراچێوە تیۆریەدا شرۆڤە بکرێت کە پێشتر ئاماژەی پێدرا. واتا ریفراندۆم وەك پرسێکی سیاسی تەواو پرۆژەیێك بوو لەسەر بنەمای نەتەوەیی، بە ئامانجی جیابوونەوەی کورد لەو چوارچێوە سیاسی و دەستوریەی کە ناوی دەوڵەتی عیراقە، بەڵام نەک تەنیا دوو پێکهاتە سەرەکیەکەی عیراق (سوننەو شیعە) بەڵکو پێکهاتە بچوکەکانی تریش دژی بوون. بیرۆکەی سەرەکی ئەم بابەتە ئەوەیە کە دۆخی کورد لە ئێستای عیراقدا گەیشتۆتە ئاستێک کە کورد وەك پێکهاتەیێکی ئیتنی و نەتەوەیی چیتر ناتوانێت بە تەنیا هیچ پرۆژەییکی گەورەو ستراتیجی بەسەر دەوڵەتی عیراقدا بسەپێنیت ئەگەر بە هاوکاری یەکێك لە دوو پێکهاتە سەرەکیەکەی تری ناو دەوڵەتی عیراق نەبێت، کە سوننەو شیعەن. بۆیە کورد پێویستە بیر لە رێگاییکی تر بکاتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، ئەگینا بە تێپەربوونی کات هیچ کاریگەرییکی ئەوتۆی نامێنێت، مەگەر تەنیا لە کاتی پێکهێنانی حکومەتی عیراق پێویستیان بە کورد بێت .

لە ٢٠٠٣ تادەگاتە ٢٠١٤ هەرچەندە کورد رۆڵێکی گرنگی لە هێنانی (نوری ئەلمالیکی) بۆسەر تەختی دەسەڵات بینی، بەڵام لە بەرامبەردا جگە لە هەندێک پۆستی ناکاریگەر هیچی ئەوتۆی دەست نەکەوت، نە ماددەی ١٤٠ جێبەجی کرا و نە کێشەی نەوت و گاز و پێشمەرگەش یەکلاکرایەوە. کورد جگە لە دەسکەوتی بەشداریکردن لە نووسینەوەی دستووری عیراق کە توانرا بە هاوکاری ئەمریکیەکان و تەبایی هێزە کوردیەکان لەوکاتەدا بەشێکی زۆری مافەکانی لە دستوور جێگیر بکرێت. ئیتر لەمە بەدواوە باری سیاسی هێزە کوردیەکان گەیشتۆتە دۆخێکی وەستاو لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی عیراق، بە جۆرێک جگە لە پرکردنەوەی چەند پۆستێکی دەوڵەت ناتوانن هیچ دەسکەوتی چارەنوسساز بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکەن .

لایەنی کوردی رێگایێکی درێژی هاوپەیمانی لەگەڵ شیعەکان تاقیکردەوە بەڵام لەبەر بەهێزی  پێگەی دیمۆگرافی و سیاسی و شیعەکان، کورد هیچی وای دەست نەکەوتووە لەو هاوپەیمانێتیە، هۆکارەکەشی دەکرێت بۆ ئەوە بگەرێتەوە کە شیعەکان لەبەر هۆکار گەلی مێژوویی و جەوری رژێمی بەعس، لە ٢٠٠٣ بەولاوە بە هاوکاری هێزی هەرێمی بە جدی کاریان بۆ ئەوەکردووە کە ناسنامەی دەوڵەتی عیراقی دوای بەعس ناسنامەیێکی مەزهەبی و ئایدۆلۆژی بێت، ناسنامەیێك کە لەسەر بنەمای باڵادەستی  شیعە بەسەر دەوڵەت دابرێژرێت. کورد ئەگەرچی لەو ١٥ ساڵەدا بەئاگا و بەبێ ئاگا لە هاوکاریکردنی شیعەکان بۆ چەسپاندنی ئەو ناسنامەیە رۆڵێکی گرنگی بینیووە، بەڵام لەبەرامبەردا نەیتوانیووە سوود لەو هاوپەیمانێتیە ببینێت، کورد هەرچەندە شەریکی شیعەکان بوو بەڵام هەمیشە لەژێر سێبەری شیعە دا دەبینرا، بگرە هەندێك جاریش وەك پارێزەرێك لە حوکمی شیعەکان. ئینجا بۆ ئەوەی کورد رزگار بێت لەو پاشکۆتی و چەقبەستنە سیاسیە و باشتر بتوانێت ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی جێبەجێ بکات و ئەکتەرێکی کاریگەرتر بێت لەسەر رووداوە سیاسیەکان، ئەوا پێویستە تا زووە لەژێر ئەو سێبەرەی باڵادەستی شیعەکان بێتە دەرەوەو لەگەڵ سوونەکان هاوپەیمانێتییێکی ستراتیجی بونیات بنێت، لەبەر ئەو چەند خاڵانەی خوارەوە :

- سنوری جیۆگرافی کوردستان بە تایبەتیش بەشێکی هەرە زۆری ناوچە کێشە لەسەرەکان لەگەڵ پێکهاتەی سوننەدایە نەک لەگەل شیعەکان، سوننەکان لەو رووەوە دەتوانن هاوکاری کورد بکەن.
- هەر یەکە لە کوردو سوننە لە ئێستادا ئەوەندە پەرشوو بڵاوو لاوازن پێویستیان بە هاوکاری یەکتر هەیە، کورد چیتر بەشێک نیە لەو شەراکەتەی کە لە ٢٠٠٣ دەوڵەتی عیراقی لەسەر بونیاد نرایەوە، سوننەکانیش خراونەتە دەرەوەی دامەزراوەی دەوڵەت و بەشێکیشیان خەریکە لە ناو قەوارە سیاسیە شیعیەکان دەتوێنەوە. کورد دەتوانێت نەك هەر کۆیان بکاتەوە بەڵکو سەرکردایەتیشیان بکات، بوونی بەشێکی زۆری سەرکردە سیاسی و خێڵەکیەکانیشیان لە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئاسانکاری بۆ ئەو هەنگاوە بکات .
- سوننەکان نەیان شاردۆتەوە کە ئەوان تامەزرۆی دروستکردنی هەرێمێکن بە تایبەت لە دوای کاولکاریەکانی دەوڵەتی ئیسلامی، چەند جارێك بیرۆکەی ئەو هەرێمەیان پێشنیار کردووە، کورد دەتوانێت هاوکارییان بێت لە دروستکردنی هەرێمێکی وەهادا کە دەرەنجام لە بەرژەوەندی کوردا دەشکێتەوە.
- دروستبوونی هەرێمێکی تر لە عیراق وا دەکات پاڵپشتی دەستوری هەرێمی کوردستانیش بەهێزتر بێت لە بەرامبەر حکومەتی ناوەند، لە لایێکی تریش هەرێمی کوردستان چیتر وەك تاکە هەرێمێکی سیاسی نامۆ نامێنێتەوە، ئەمە جگە لەوەی درووستبونی هەرێمێکی تر، پرۆسەی بە هەرێمبوونی عیراق بۆ چەند هەرێمێکی تریش ئاسان دەکات .
- لە ئاستی ئیقلیمیشەوە داواکاریەکانی کورد چیتر تەنیا وەك داواکاری نەتەوەیی و ئیتنی و ناوچەگەری دەرناکەون بەڵکو دەچنە قالبێکی ترەوە، ئەو پاساوەش لەدەست ئەو هێزانە دەردەهێنرێت کە کورد وەك نەتەوەییێکی جوداخواز و دژەدەوڵەت سەیر بکرێت.
- داواکاریەکانی کورد لە چورچێوەی عیراقدا شانبەشانی بوونی هەرێمێکی تری "هاوپەیمانی" سوننی دەکرێت هەم پالپشتی عەرەبی و هەمیش پالپشتی ئەمریکا و تورکیا بەدەست بهێنێت بە تایبەت لە کەمکرنەوەی هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا .

ئەم هاوپەیمانێتیە لەگەڵ سوننە وادەکات کورد دووبارە بگەڕێینیتەوە بۆ شەریکێکی بەهێز لە عیراقدا کە بتوانێت داکۆکی لە مافەکانی بکات، چونکە لە ٢٠١١ وە کورد چیتر وەك ئەکتەرێکی بەهێز لە عیراقدا رۆڵی نەماوە، بە تایبەت نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە عیراقی دوای 2003 بەرهەمی شەراکەتی شیعەو کورد بوو بەڵام ئەو شەراکەتە دەمێکە نەماوەو یەک پێکهاتە باڵادەستە بەسەر دەوڵەت و بریاری سیاسی لە عیراقدا، بە تایبەت کە ئێستا هەر یەکە لە کوردو سوننە دوو کاراکتەری زۆر لاوازن و خەریکە هیچ کاریگەرییان نامێنیت بەسەر جومگە سەرەکیەکانی دەوڵەتی عیراق. سوننەکان وەك ئۆپوزسیۆنیش لەسەردەمی مالیکی و، ئیستاش بە شێکی زۆریان دوورخراونەتەوە لە کاری سیاسیو لە دەرەوەی عیراق دەژین. هاوپەیمانێتییەکی لەو جۆرە دوور نیە ببێتە ئالتەرناتیڤی ئەو هاوپەیمانێتیە ستراتیجیەی نێوان کورد و شیعە کە لەدوای 2003 پایە سەرەکیەکان دەوڵەتی نوێی عیراقی لەسەر بونیاتنرا .

دەرەنجامەکانی هاوپەیمانێتییێکی لەو جۆرە دەکرێت ببێتە هۆی راستکردنەوەی رێرەوی سیاسی لە عێراقی شیعە باڵادەستدا کە ئێستا زۆر لاسەنگ بووەو ئەو خەسڵەتانەی لەدەستداوە کە لە 2003 عیراقی فیدرالی لەسەر بونیاتنرا لەسەر بنەمای دیموکراسی تەوافوقی ((Consociational Democracy و دابەشکردنی هێز لە نێوان هەر سێ پێکهاتە سەرەکیەکەدا. هەڵبەتە ئەم بۆچوونە هەرگیز بەمانای دژایەتی یان پەراوێزخستنی شیعەکان نایەت، چونکە هیچ هێزێکی دیمۆکراسی و هیچ هاوپەیمانێتییێکیش ناتوانێت ئەو پێکهاتە سەرەکیە پەراویز بخات. ئەم پێشنیارە لە بنەرەتدا بۆ هێنانەکایەوەی جۆرێک لە هاوسەنگیە لە نێوان هەرسێ پێکهاتە سەرەکیەکان کە دەوڵەتی عیراقیان لە سەر بونیاتنراوە. چونکە لە راستیدا ئەم بونیادە تەوافقیە تا دێت هەر خەریکە لاواز دەبێت، لە لایەکی تریش پرۆسەی دیمۆکراسی زۆرینە نەیتوانیوە ببێتە ئالتەرناتیڤ بۆ دیمۆکراسی تەوافوقی، بۆیە لەم نێوەندەدا وەک "تۆبی دۆج" دەڵێت خەریکە رژێمێکی دەسەڵاتگەرایی نوێ (New Authoritarianism) لە عیراقدا سەرهەڵدەدات کە لەسەر قۆرخکردنی دەسەڵات و پەراوێز خستنی پێکهاتەکانی تر بونیاتنراوە. ئەم مۆدیلە لە سەردەمی حوکمی مالیکیدا گەیشتە لوتکە. لەوانەیە زیادەڕۆیی نەبێت گەر بڵێین هەر یەکە لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوچە سونیەکان و دواتریش مکوربوونی کورد لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم پێوەندی پتەویان بە سەرهەڵدانی ئەو دەسەڵاتگەراییە نوێیە و نەمانی ئەو شەراکاتە هەبوو کە لە دوای ٢٠٠٣ دەوڵەتی عیراقی لەسەر بونیاتنرا .

هەڵبەتە ئەمە بە مانای ئەوە نیە کە بوونی هەوپایمانیێتیەکی لەو جۆرە دەتوانێت بە ئاسانی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە هەر یەکە لە کورد و سوننە بەسەر چەند گروپێکی سیاسی دابەشبوونە، بێگومان نە کورد دەتوانێت هەموو سوننەکان یەکبخات و نە دەشتوانێت هەموو لایەنە کوردیەکانیش لەژێر یەک چەتردا کۆبکاتەوە. بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە ئێستا جۆرێک لە هەماهەنگی دروست بووە لە نێوان سوننەکان و خەریکی خۆ کۆکردنەوەن، لە مانگی ئابدا "خەمیس ئەلخەنجەر" کە پالپشتێکی باشی وڵاتانی کەنداویشی هەیە لە ژێر ناوی هاوپەیمانی جەمسەری نیشتمانی عیراقی سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. ئەمە هەنگاوێکە بەو ئاراستەیەی ئەم پرۆژەیە پێشنیاری کردووە. کوردیش، ئەگەرچی وەک سوننەکان پەرشو بڵاون، بەڵام هێزە گەورە و سەرەکیەکان کە نزیکەی چل کورسی پەرلەمانیان لە عیراقدا هەیە هەماهەنگن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییێکی لەو جۆرە، ئەگەر بتوانرێت ناکۆکیە حزبیەکان تێپەرێنن دوور نیە لایەنی تریش بچنە پاڵیانەوە. مەبەست لەو چەند دێڕەی سەرەوە ئەوەبوو کە بڵێین سەرەڕای بوونی چەند ئاستەنگێک لەبەردەم ئەو پرۆژەیە بەڵام زەمینەیێکی لەباریش لە ئارادایە بۆ ئەم هاوپەیمانێتیە ستراتیجیە .

لەلایێکی تر بوونی هەرێمێکی تری شانبەشانی هەرێمی کوردستان، ئینجا هەر ناوێکی هەبێت لە رووی دستووریشەوە کێشەی نیەو رێگاپێدراوە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نیە کە تووشی لەمپەرو بەربەرەکانێ نابێتەوە لەلایەن بەشێك لە سوننەکان کە ئێستا لە ناو لیستە شیعیەکاندا کاری سیاسی دەکەن. لە لای کوردیش پرۆژەیەکی لەو جۆرە بە حوکمی ئەوەی دامەزراوەییەکی نیشتمانی نیە سەرپەرشتی بکات دواجار هەردەبێت حیزبە دەسەڵاتدارەکان لەخۆی بگرن. هەر پرۆژەییەکی لەم جۆرەش بێگومان لە لایەن پارتەکانی تری ئۆپۆزیسیۆن ئەگەری رەتکردنەوەی هەیە، هەڵبەتە نەك لەبەر باشی و خراپی پرۆژەکە و ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان بەڵکو لەبەر ئەوەی سیاسەتو بەرژەوەندی نیشتمانی لە هەرێمدا هەر لە چوارچێوەی ململانێی حیزبی دەسورێتەوەو چەترێکی دامەزراوایی نیە هەمووان لەسەر پرۆژەییێکی هاوبەشی نیشتمانیدا کۆبکاتەوە کە دیدگاییێکی دوورمەودای هەبێت بۆ کاری سیاسی .

بۆ ئەم مەبەستە ئینستیتیوتی رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ توێژینەوە (مێری) لە چەندین توێژینەوەدا سەرنج و پێشنیاری پۆڵەسی بۆ بەدامەزراوەییکردن و دارشتنەوی پەیکەری حوکمڕانی لە هەرێمدا پێشکەش بە بریاردەران و داڕێژەرانی سیاسی هەرێم کردووە. تەنیا لە مانگی حوزیران و تەمووزدا دوو کۆنفرانسێ لە هەریەکە لە شاری دهۆک و هەولێر بەست، ئەویش بە بەشداری زۆرینەی دەستەبژێری کارگێری و سیاسی لە ژێر ناونیشانی "دەوڵەتسازی: نەخشەڕێگایەك بۆ سەروەرکردنی یاسا و بەدامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستان". ئەو کۆنفرانسانە تایبەت بوون بە دیراسەتکردنی گەشەی حوکمڕانی لە کوردستان، لەژێر رۆشنایی و هەڵسەنگاندنی مۆدێلی جیهانیی جیاواز کە بۆچوونی زیاتر لە 200 پسپۆری تێدا وەرگیرابوو لەنێو بڕیاردەر و داڕێژەرانی پۆڵەسی و ئەکادیمستانی هەرێم. بەدواداچوونی ئەم پرۆژەو پێشنیارانە دەتوانن هاوکاری زۆری حکومەت و دامەزراوە نیشتمانیەکانی هەرێمی کوردستان بکەن لە جێبەجێکردنی پرۆژەییێکی لەو شێوەیەدا.

بەکارهێنانی وەکو سەرچاوە: زوبێر رەسول، (2018) کوردو سوننە، هاوپەیمانێتییێکی پێویست لە ئێستادا، سەرنجی سیاسی. بەرگی 4، ژمارە 24، 2018

ئەم بیرو رایانەی لەم بابەتەدا خراونەتەڕوو گوزارشت لە بیروبۆچونی نووسەر دەکەن و مەرج نیە بیروبۆچونی ئینستیتیوتی مێری بن.